# ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^ دە جار، وەکو ئەوەیە وایە چوار نەفسی ڕزگار کردبێت لە نەوەکانی ئیسماعیل

لە ئەبی ئەیوبەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^ دە جار، وەکو ئەوەیە وایە چوار نەفسی ڕزگار کردبێت لە نەوەکانی ئیسماعیل». (واتە: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره).
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)». ماناکەی: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک بەتایبەت وتەواو موڵکی ئەوە، وتەنها ئەو شایستەی ستایش و وەسفکردنە لەگەڵ خۆشەویستی و بەمەزنداناں، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک توانادارە. ئەوەی ئەم زیکرە دە جار بڵێت لەڕۆژێکدا؛ ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە دە کۆیلە ئازاد دەکات لەنەوەکانی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم -عليهما الصلاة والسلام-، و بەتایبەت باسی نەوەکانی ئیسماعیلی کرد -عليه السلام- چونکە ڕێزدارترینن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5517